# عیشق یا سێکس و وێنەگرتن ،
# سامناکترین کێشەی مرۆڤ لە ئەمرۆدا




## چنار نامق


زۆرێك لەئێمە نازانین عاشق بین ، یاخود یەکترمان خوش بوێت ، چونکە هەمیشە بۆ دامرکاندنەوەی حەزە جەستەییەکانمان کار دەکەین ، لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەموو ئازادییە تاکە کەسییەکانی تێدا قەدەغە دەکرێت و یاسایەك یاخود پرەنسیپێك نییە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی تاك و پاراستنی ژیانیان ، ئەمەش بۆ خۆی خەتەرناکترین کێشەیە ، کە لە کۆمەڵگە رۆژهەلاٚتییەکاندا سەر هەڵئەدا و تەشەنە دەکا و بەرەولای ئەو چەمکەمان دەگێرێتەوە کە دەڵێت ( الانسان حیوان ناگق) کەواتە گەر مرۆڤ بوونەوەرێکی قسەکەر بێت دوور لەهەست وسۆز و بیرکردنەوە ، لای سانایە تەنها بۆ تێربوون و دابینکردنی پێداویستییەکانی کار بکات کە بەرژەوەندی خودە وخەمی هەرە گەورەی لەتێربوونی خواست وئارەزووە جەستەییەکانی ببینێتەوە ، بەبێ ڕەچاو کردنی ئەو لایەنە نێگەتیڤانەی کە لەدەرنجامی کردارەکانیدا دەکەوێتەوە و رەنگدانەوەی دەبێت بەسەر خودی خۆی و زیان بەخش دەبێت بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ، لێرەدا جیاوازییەك هەیە لەنێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکان ، بوونەوەرەکان دەمێك تێدەکۆشن بۆ تێرکردنی خود چ لە لایەنی خۆراك وبژێوی چ لایەنی سێکسی ، جگەلەوەی هەندێ جار لە ئەنجامدانی کردارەکانیان درندەیی دەنوێنن لەپاشان بیر لە تۆڵە یاخود گواستنەوە و بلاٚوکردنەوەی وێنەکان ناکەنەوە ، ئەمەش سەرنجمان بۆ شتێك ڕادەکێشێت کە دەڵێن بوونەوەرەکان لە مرۆڤەوە فێری توندو تیژی و درندەیی دەبن ،

درێغا نەدەبوو کەسی دیکە لەمرۆڤ بەبەزەیی تر بێت ، درێغا ئەمرۆ هەستە مرۆییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کۆچ دەکەن وژیان تەنها لەپێناو حەزە چەپێنراوەکان بەرێ دەچێت بەرادەیەك هێچ ئەژمارێك بۆ هەست وسۆز و ژیانی ئەوکەسە نادرێت کە باوەر ومتمانەت پێدەبەخشێ و لەئامێزی بۆ زەمەنێك دەحەسێیتەوە ، بگرە شەرخوازی گەشتۆتە ئەو ئاستەی بەو هەموو کردەیە دانەمرکێیت کە لەگەڵ بەرامبەرەکەت ئەنجامی دەدەیت کار دەگاتە ئەوەی وێنەکەشی بەنێو کۆمەلاٚنی خەڵکیدا بلاٚوکەیتەوە ، ئەم هەڵوێستە لەپای چی ؟ لێرەو لەوێ باس لەوە دەکرێت کە بەشێك لەو هەڵوێستانە لە تۆڵە سەندنەوەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مرۆڤ بوونەوەرێکی لاوازە وتۆڵە لەکەسێکی بێتاوان دەکاتەوە کە دەستی نەبووە لە ئازاردانی ئەو و بەرپرسیار نییە لەکردەوەی کەسێکی دیکە با باوکی یا براشی بێت هەڵبەتە دەمەوێ لە بارەی ئەو رووداوی وێنە گرتنە لەکاتی سێکسدا بدوێم کەماوەیەکە چەند بارەبووەوە لەنێو لاواندا وئەوەی تییێدا رەچاو ناکرێت ویژدان و هەستی مرۆڤایەتییە ، بێگومان ئەو جۆرە مرۆڤانە درندەیەك لەناخیاندا دەژیت یا دەکرێت ئەم دیاردەیە بە نەخۆشییەکی دەروونی کوشندە ئەژمار بکرێت چونکە هەمیشە زیانی گەورە و خەمی گەورەی بە بالاٚی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بریوە و زیانەکەش هەردولا نێچیر و راوچیش دەگرێتەوە ، بێگومان گەر مرۆڤ کەسێکی تەندروست بێت ئەم کارە دژ بەخودی خۆی و خەڵکی ئەنجام نادات ، ئەمە جگە لەوەی لەرووی گیانییەوە زیانێکی گەورەیە ، لەروویەکی دیکەشەوە زیانێکی هەرە مەزنترە کۆمەڵگە تووشی نیگەرانی وپەتای خەمۆکی ومردنی متمانە دەکات گەر وردبینەوە دەبینین ئەمرۆ لەکوردستاندا ترسێك دەرونی لاوانی تەنیوە ، تا وای لێهاتووە مرۆڤ نادوێ ، نابزوێ جێژوان نابەستێ وبگرە لەسێبەری خۆشی سڵ دەکاتەوە ، رەنگە هەریەك لە ئێمە بەشێوەیەك لە

شێوەکان نەخۆشییەکی دەرونیمان هەبێت ، وەلێ ئەوەی گرنگە لێنەگەرێین ئەم نەخۆشییە کاردانەوەی هەبێت لەسەر بەرامبەرەکەمان ، هەڵبەتە هۆکارگەلێك پاڵنەرن بۆ ئەنجامدانی ئەم کردە درندانە ، یەکێك لەوانە زاڵبوونی غەریزە دژەمرۆییەکان لەنێو ناخی مرۆڤ وناعەقلآنییەت لەبیرکردنەوە ، هەڵبەتە نەزانینی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ فاکتەرێکی دیکەی ئەم کردانەیە کە دەکرێت سود لە لایەنە ئەرێنییەکانی وەرگرین ولایەنە زیان بەخشەکانی وەلاوە نێیت بەداخەوە لای ئێمە بەپێچەوانەوە کاری پێدەکرێت ، خاڵێکی دیکە پیرۆزکردنی داب ونەریت وکوشتنی مرۆڤە بە بیانووی ناموس پەرەستی ئەمانە فاکتەرگەلێکن بۆ برەودان بەو کارە توندو تیژییەی کە ئەمرۆ لای ئێمە تەشەنەی کردووە ، دەکرێت بڵێین هەندێك لە بلآوکراوەکانیش رۆڵی نەرێنی و مەترسیداری بینیوە لە پەرەسەندنی ئەم کردانە ، لە ناوچەیەکی تازە ئازادکراوی وەك شاری کەرکوك کەچەندین ساڵە چەپێنراوە لەژێر دەسەلآتی فاشیزمدا ، بگرە مۆبایل وکەناڵە ئاسمانییەکان قەدەغەبوون ، ئەمرۆ رێژەیەکی زۆر لە بلآوکراوەی بێسەر و بەر دەردەچێت ، بەبێ رچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵێ مەسەلەی سێکسی دەورووژێنن لەکاتێکدا لاوان یا هەرزەکاران لەم مەسەلانە نەگەشتوون و بەلایانەوە نامۆیە ئەمەش پاڵنەرێکە کە لاو بەرەو رووی زۆرێك لە کێشەکان دەکاتەوە ، رۆژنامەگەلێك دور لەیاساو رێسای رۆژنامەوانی کار دەکەن داخۆ دەیانەوێ چی پەیامێك بگەیەنن ، دەمێ خاوەن پیشە مرۆڤایەتییەکان دەبنە بەرژەوەندخواز دەبێ ڕەوتی مرۆڤایەتی بەرەو کام ئاراستە بڕوات ! نازانم ئەمە خەمی رۆژنامەوانییە یان خەمی بەرژەوەندی تاکە کەسی وتەرویج کردنی رۆژنامەکەیە لە پێناو بەدەسهێنانی داهات وپرکردنی گیرفان ، بێگومان وروووژاندن بەبێ چارەسەر هەڵکردنی گرێکە لەناخی مرۆڤ بەهیچ خامۆش ناکرێتەوە ، چونکە بابەتگەلێك هەن وروووژاندنیان دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە ، ئەو بابەتەی لەسەری هەڵوێستە دەکەین رەنگە چەند نمونەیەکی دیاریکراو بێت ، بەلآم لەگەڵ وروووژاندنی تەشەنە دەکات و زیانەکانی لەسوودەکانی زیاترە ، بۆیە پابەندبوون بەهەندێ یاسای رۆژنامەوانییەوە خزمەت بەرەوشی رۆژنامەگەری ولە هەمان کاتدا خزمەتی کۆمەڵگە دەکات .